www.kurdistannet.org
8-1-2007 13:02 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## جارێکی تر سڵاو لە سلێمانی و خوێندکارانی.. !... م. حەمید عەزیز

سڵاو لەم شارە پڕ غەدرو نارەحەتەی کوردستان سڵاو لە دایکی شەهیدان و خەڵکی قارەمانی ئەم شارە.. سەری ڕێزو خۆشەویستی بۆ خوێندکارانی دادەنەوێنم. جام دەمێکە لەم شارە پڕبووە و ئێستا خەریکە هێدی هێدی ئاوەکەی دەڕژێ، ڕاستە دەمێکە ئەم شارە هیلاک و ماندووە بەڵام جووڵەی ئەمڕۆ باشترە لە سبەینێ. خۆپیشاندان و نارەزایی میللەتێک بەرامبەر دەسەڵاتێکی تاک ڕەوو سەرمایەدار بەڵگەی ڕۆشنبیری ئەو میللەتەیەو مافی ڕەوای خۆیەتی خۆپیشاندان بکات بۆ مافە ڕەواکانی و ژیانی داهاتووی. دووای شانزە ساڵ تاریکی دەسەڵاتی کوردی لەم شارەدا نەیانتوانیوە مافە سەرەتایی یەکانی خەڵکی دابین بکەن. !. ئاخۆ چۆن دەبێ



ئەگەر خەڵکی داوای مافە بنچینەیی و ژیانی یەکانی خۆیان بکەن کە یەکسانی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و ڕای ڕامیاری جیاوازو جیاوازی چینایەتی و سیستەمی سۆسیال و سیستەمی سەندیکاو.. هتد. بەهەموو پێوەرێک ماوەی شانزە ساڵ دەسەڵات دەبێ و دەگونجێ بۆ دروست بوونی وولاتێک و دامەزراوەکانی پایەی دیموکراتی و سەربەستی گفتوگۆ لەسەر باری ڕامیاری و ژیان و کێشەکانی کە ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتین. بەڕاستی کارەساتە نەتەوەیەک بەدرێژایی مێژوو چەوساوە بێت و هیچ دەرگایەکی لێ نەکرابێتەوە لە ئەنجامیشدا شادو شووکور بێتەوە بەدەسەڵاتێک کەبەهی خۆی دەزانێ و بەشدارو خوێنی تێدا ڕژاندبێت و کارو تێکۆشانی بۆ کردبێت.. کەچی هەر بێبەش و چەوساوەو بێ بەری بێت لە هەموو مافێک و ژیانێک. بەئاگاداری و شایەتی هەموو کورد کە قارەمانترین و ئازاترین شاری کوردستان کە هەمیشە بڵێسەی شۆڕش و بەرخۆدان بووە لەهەموو کات و ساتەکانی مێژووی کورددا ئەویش شاری سلێمانی خۆ ڕاگرو قارەمان بووە.. ئەم شارە هێندەی هەموو کوردستان شۆڕش و بەرخۆدان و شەهیدو ماندوبوونی بینیووە بە خۆیەوە بۆ کوردستان کەچی دووای سەدەیەک ژێردەستی و داپڵۆسین و کوشتن و برین.. شانزە ساڵیشە بەدەستی دەسەڵاتی تاریکستانی کوردی یەوە کە زۆر خوێنی بۆ ڕشتووە ئەچەوسێنرێتەوەو بەهەموو شێوەیەکیش سزا دەدرێت لەسەر ڕای جیاوازو کارو فیکری ڕامیاری جیاواز بەڵگەش بۆ ئەوە بەندینخانەی کانی گۆمەیە لە شاری سلێمانی کە شایەتی حاڵە.. لەباتی گەورەکردنی و جوان کردنی ئەم شارە کە بەلایەنی کەمەوە وەفایەک بێت بۆ شەهیدان و خۆبەخت کردنەکانی خەڵکی ئەم شارە قارەمانە هاتوون ئەم شارەیان بچووک کردۆتەوە لە پارێزگاوە بۆ قەزا کە ئەمە ووتەی پارێزگاری سلێمانی خۆیەتی کە کاک دانا ئەحمەد کاتێک بۆ هاووڵاتی و ئاوێنە دووابوو پێش مانگێ کەمتر کە بەرواری مانگی دووانزەی 2006 دەکات. شارێک نیو سەدە لەمەوبەر سومبوول بووبێت و جوانترین شاری کوردستان و عێراق بووبێت ئێستا شارێکە تاریکستان و پڕ لە زووڵم و جیاوازی چینایەتی و.. هتد. شانزە ساڵ تاریکی و جەورو ستەم.. شانزە ساڵ سەرمای زستان و دڵۆپەی ماڵە برسی و هەژارەکانی ئەم شارە.. شانزە ساڵ گەرماو نەخەوتن و ئارەق کردنەوەو خەوزڕان.. شانزە ساڵ بێکاری و گرانی. شانزە ساڵیش بۆ خۆتان ژیانی فیرعەونی و ژنی نوێ و کۆشک و تەلەلاری نوێ و بە ملیۆن دۆلار.. تەماشای ئەم شانۆی غەدرو دڵ تەنگی یە بکەن یەک

پاڵەوانی قارەمانی تێدا نی یە چونکە پیاوی ئازا غیرەتی ناهێڵێ و ڕێگەی پێ نادات خۆی لەسەر دۆلار بخەوێ و میللەتەکەیشی لە برسانا بمرێ و بەشێکی زۆریشی بەتایبەت گەنجان لە بێکاری و (چونکە کارپێدان بە تەزکی یەی حیزبی یە) کۆچ بکەن بۆ دەرەوەی وولات. دەبێ خۆی تەمەن و ژیان چەند بێت وا ئێوە شانزە ساڵتان بە تاریکی و بێ مافی و ڕسوایی و بێ بەرنامەیی و هەڵەو.. هتد، بەڕێکرد. سەدامی دیکتاتۆریش دوو ئەوەندەی ئێوە حوکمی کرد. شارێکی وەکو سلێمانی کە بۆ کوردەکانی خۆی قەدەغە بوو بیبینێ کە گەنجەکانی لە ڕۆژهەلات و باکوورو ڕۆژئاوەوە نەیان دەتووانی بێن بۆ سەردانی زێدی باوباپیرانیان قەدەغە بوو لەلایەن ئەم دەسەلاتەوە بەلام سلێمانی هەمیشە پڕ بوو لە ئیتلاعات و میت و بەعسی. ئەنجامی هەموو غەدرێک بە غەدر تەواو دەبێت، ئەمە ئەنجامی نادڵسۆزیتانە بۆ ئەم شارە بۆیە ئەم فلیمەیە هەموو ڕۆژێک دەیبینین و بێدەنگن لێی کە خەڵکی دەکەوێتە سەرجادە لێتان. لە زۆر شوێنانی تریش خۆپیشاندان کرا بەلام هەموو جارێک برو بیانوویەکتان دۆزیوەتەوە بۆیە لە کەلارو دەربەندیخان و کۆیەو ڕانیەو هەڵەبجەو شوێنانی تریش کە خۆپیشاندان دەکرا ئێوە نەدەگەڕان بۆ کەم و کوڕی و چارەسەرکردنیان، بەڵکو عیماد ئەحمەد هاتە سەر تەلەفزیۆن و بە کوردی یەکی چەوت و نارێک ووتی: ئێمە هیچ کێشەمان نی یەو ئەمە دەستێکە لە پشتی ئەم خۆپیشاندانانەوە.. باشە لەباتی خۆ خەڵەتاندن و خەڵک بە ساویلکە زانین باشتر نی یە کێشەکان بۆ خەڵک چارەسەر بکەن. ؟. بۆ خۆتان باشە چونکە ئەمڕۆ خۆپیشاندانە بەلام سبەی ڕاپەڕینە. خوێنکارانی سلێمانی بەزەییان بەخۆیاندا دێتەوە کە ئەمڕۆ سەدەی بیست و یەکە و بەتاریکی فێری زانست دەبن و شارەکەیان غەدرستان و تاریکستان بێت بەلام چۆمان کە دێ یەکی سەر سنووره کارەبای فولی هەبێت. کە نازانن وولات بەرن بەڕێووە شەڕی پلەوپایەو کورسیش مەکەن. !. توخوا بەخەڵکیش بڵێن کە 42 وەزیرەکەتان کاریان چی یە بەتایبەت وەزیری پلان دانان.. چونکە لەهیچ مەملەکەتێکدا نەبووە گوندێ کارەبای هەبێ و شارێک چاو چاو نەبینێ لە تاریکیدا. بڕوابکەن وولاتی چین 27 وەزیریان هەیە ژمارەی دانیشتووانیان 1300000000یەک ملیارو سێ سەد ملیۆن کەسە کەچی ژیان و بەرنامە لەو وولاتە وەک سەعات دەڕوات بەڕێوە. توخوا جێی پێکەنین نی یە کە ئێووە باس لە مەدەنی یەت دەکەن.. ئاخر کامە مەدەنی یەت لە تاریکیدا.

م. حەمید عەزیز